www.kurdistannet.org
27-6-2006 20:02بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

لە ساڵیادی شەهید بوونی قارەمانێکی دەشتی هەولێردا ... بەختیار بەکر

هۆڵەندە:

لە ساڵیادی شەهید بوونی قارەمانێکی دەشتی هەولێردا، خانەوادەی شەهیدی فەرماندە جوامێر سەعید (یاسین سەعید) بە شانازیەوە دەڕوانن کەم ژیان و کەڵ ژیانی شەهیدی ناوبراو، شەهید جوامێر سەعید پێشمەرگەیەکی قارەمان و فەرماندەیەکی بوێور و کۆڵنەدەرێکی دوژمن تۆقێن بوو لە نێو ڕیزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا، ناوبراو ئەگەر چی ڕاپەڕین و ئازادی سەرتاسەری کوردستان و عێراقی بە چاوی خۆی نەبینی و لە 1987/6/24 لە نازەنین شەهید بوو، بەڵام قارەمانیەتی و ئازایەتی ئەم شەهیدە نەمرە ڕۆژانە لە ڕۆژە سەختەکانی شۆرشی نوێی گەلەکەمان بە ڕۆڵی کارای شکستی بە دوژمنان دەهێناو لە سەر دونیا بە دۆزەخی ئاشنا دەکردن.

سەد حەیف و مخابن کە دونیایەکەی ئێمەی کوردی بەد بەخت تەمەنێکە مەرگ و مردنە و پڕە لە نەهامەتی و قوربانی دان و چەوسانەوە، خاکمان پارچە پارچە کراوە و چەندین جاریش کیمیا باران و ئەنفال کراوین و هەزاران جوامێر بوونەتە قوربانی، بەڵام سوپاس بۆ یەزدان ئەوەتە ئەمڕۆ لە سەرەتای خەونێکی گەورەداین و ئاواتی گەورە و بچوک خەریکە دێتە دی.

ماوە بڵێم سڵاو لە شەهیدی قارەمان و ناودار کاکە جوامێری جوانەمەرگ و سەرجەم شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری خاکی کوردستان. نەمری و سەربەرزی و تەمەن درێژیش بۆ منداڵە چاوگەشەکانی شەهید و بۆ سەرجەم پێشمەرگە قارەمانەکان.